# سێکس ، پیاو ، دەسەڵات . . !

سەروەر کەریم
sarwarkareem@gmail.com



فرۆید , سێکسی ژن لەکۆمەڵگا داخراوەکان دەشو بهێنێ بەهەموو ئەوشتانەی لەدەوری خۆی شت قوت دەدات , واتە ژن ئەو بونەوەرەیە کەهەمیشە ئامادەیە بۆ کاری سێکسی .

ئەگەر لە ڕوانگەی فرۆیدەوە بۆ کۆمەڵگاکانی خۆرهەڵات بەگشتی و کۆمەڵگای کوردی بەتایبەت بڕوانین ، دەبینین تاکو ئەندازەیەك پیاوی کۆمەڵگای ئێمە تەنها لە پەنجەری سێکسەوە لە ژنان دەڕوانن ، ژنان تەنها وەك دراوێکی سێکسی سەیری دەکەن و هەموو تواناکانیان دەخەنە گەڕ لە ڕووی ئابووریی و ئیداریی و دەسەلاّتییەوە ، بۆ ئەوەی ئەو دراوە سێکسییە کۆنترۆڵ بکەن، جا ڕێگەکان شەرعیی بن ، یاخود ناشەرعی.

لێرەوە هەوڵدەین پەردە لەڕووی ئەو پەیوەندییە ناجۆرە هەڵماڵین کە بەشێکی زۆر لەپیاوانی کۆمەڵگای ئێمە لەودیو دەمامك و پەردەی جۆراوجۆرەوە دژ بەژنان بەڕێوەی دەبەن.

دیارە لەکۆمەڵگایەکی داخراوی خۆرهەلاّتی، تاکو ئەندازەیەکی زۆر قورس پەیوەست بەبنەماکانی ئایین و کلتوری خێڵەکییەوە، ڕەنگە سانا نەبێت قسە لەسەر ئەو گرفتە گەورەیە بکەین کەبە ناوی سێکسەوە دەرگری بووین و بەو پەڕی ناشیرینی و ناسروشتی سەیر دەکرێ و هەمیشە بەشێك لەپیاوانی کۆمەڵگای ئێمە کە لەمەکانی باشتردا هەوڵی کردەی سێکسی دەدەن لەڕێگەی نامەشروع و دوور لەبنەماو بەها ئینسانی و ئیحساسییەکەی، بە جیا لەوەی پیاوانی کۆمەڵگای ئێمە یەك خاڵی زۆر گرنگ لە لاشعوریاندا جێگیر بووە ، کە ڕەوتی مێژوو لەکۆنەوە لە گەڵ خۆیدا هێناویەتی و قۆناغ لەدوای قۆناغ بەردەوامیی بەڕەوتی بێ بڕانەوەی خۆی داوە، کە ژن سەرچاوەی شکاندنی شەرەفی خێزان و زۆرجار هەستی نەتەوەیشە، بۆیە چەندین پاساوو سنووری دەستکردیان بەدەوری ژنانەوە کێشاوە ، لە کاتێکدا پیاوان هیچ کات هیچ بەربەست و سنوورێکی لەو جۆرەیان بۆ خۆیان دا نەناوەو شەرەفیش پەیوەندی بە پیاوانەوە نی یە.

ئەگەر ژنێك لەدەرەوەی ژیانی هاوسەری، یان بەمانایەکی تر بەر لەژیانی هاوسەری لەگەڵ کەسێکدا پەیوەندی سێکسی هەبێت ، ئەوا سەرەنجامەکەی کوشتنە ، بەلاّم ئەمەیان بۆ پیاوەکە زۆر ئاساییەو لەدوای ژیانی هاوسەریش دەست بۆ ئەو کارە دەبات نەك لەگەڵ یەك کەسدا بەڵکو چەندین و هیچ کات وا حساب ناکرێ شەرەفی خێزانی شکاندووەو، زۆر جاریش لای پیاوانی خاوەن مەکانەی ئابووری و سیاسی و ئیداریی و دە سەلاّت، بەوپەڕی شانازی دەزانن کە توانیویانە لەیەك کاتدا چەندین پەیوەندی ناجۆریان دروست کردووەو کاریش بۆ فر یودانی چەندانی تر دەکەن. ئێمە لەم کۆمەڵگایەدا شایەتی چەندین کاری ناجۆرین لەلایەن ئەوجۆرە پیاوان کە هە ر خۆشیان چیرۆکەکانیان دەگێڕنەوەو بە شانازییەوە باسی دەکەن کە چۆن لەبەرامبەر فلاّن کاردا توانی (کچ _ ژن ) ڕازی بکات بۆ ئەوەی ئارە زووەکانی خۆی دا بمرکێنێتەوە ، بە هەر حاڵ کۆمەڵگای ئێمە لێوان لێوە لەباسی ئەو کردارانەو هەڵخلیسکاندنی ژنان و کچان لەپێناو بژێوی ژیاندا جەستەی خۆیان فرۆشتە کڕیارەکان، وەك پیاوانی کۆمەڵگای ئێمە بۆیان داڕێژراوە شەرەفی خێزانیان شکاندووە.

دیارە تاکو ئێستا لەکۆمەڵگای ئێمەدا شەرەف پارێزی گرنگترین و پیرۆزترین بەهایە ، لە کاتێکدا دەبوایە زۆر جدییانە هەوڵی ئەوە بدرایە کە مەسەلەی شەرەف هیچ پەیوەندی نی یە بە کردەیەکی سێکسی یەوەو ئەوە پەیوەندیەکی زۆر ئاسایی و تایبەتی خودی ئینسانەکانەو تاکو ئەو جێگەیەی بەو شێوەیە بیر دەکەینەوە،کە تەنها ژن بەرپرسیاری شەرەفە ، ئەوا بەدڵنیاییەوە لەوپەڕی دواکەوتووی هەژاری بیرکردنەوەدا دەژین و ناتوانن لەدەست گرێ چەسپاندن و ئازاد نەبوونی بیرو جەستە ڕزگارمان بێت و کردەی فریودانیش وەك ئێستا درێژەی دەبێت بۆ یە دەبێت بیر لەوە بکەینەوە کە گۆڕانکاری گرنگ بەر جەستە بکەین لە عەقڵیەت و بیرکرنەوەماندا بەرامبەر بە فەرهەنگ و کلتوری کۆن و سنوورە حەرامکراوەکان بۆ ژنان بشکێنین ، چونکە ئەگەر هەموو شتێك بۆ پیاوان بەڕەوا بزانین و بۆ بەرامبەریش بە حەرامکراو ، هەرگیز گرفتەکانی کۆمەڵگای ئێمە بەرەو چارەسەر کردن ناڕوات و ناشتوانین ژنان جیا لە تۆپەڵێك جنس بەولاوە ببینین ، کە ئەمەیان گەورەترین نەخۆشی کۆمەڵایەتی یەو ڕێگەکانی کرانەوەو پێش کەوتن لەبەردەمماندا دا دەخات.

هەڵبەتە بۆ ئەوەی بتوانین کار لەسەر گۆڕانکاری بکەین و ما فی ئینسانی بوون بۆ ژنان بەڕەوا ببینین ، دەبێت زۆر جدییانە ڕووبەڕووی هەموو ئەو

فەرهەنگە بووەستین کە ڕێگە لەئازادییەکانی ژنان دەگرێ و کۆیلەیان دەکات ، بەلاّم بەدیویّکی ترداو لەڕێگایەکی ترەوە ژنان فریو دەدرێت بۆ ئارەزووەکان، ئەمەش بەڕێگەی جۆراوجۆری ئیداری و دەسەلاّتی (مەبەستم تەواوی دەسەلاّت و ئیدارە نی یە ) ،بەلّکو ئەوەی کە تاکو ئیّستا کاریان لەسەر خلیسکاندن و ئیستیغلال کردنی ژنان کردووە ، بۆیە دەبێت ڕەخنەی توونت ئاڕاستە بکرێ و مافی ئاسایی و ئازادی بۆژنان دابین بکرێ و هەر خۆشیان بڕیار لەسەر جۆری پەیوەندیەکانیان بدەن و هیچ باجێکی شەرەفی لەسەر نەبێت. ...